وەزارەتی دەرەوە: لێدوانەکانی فیدان دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق

ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی دەرەوە، جەختیکردەوە: لێدوانەکانی هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، سووکایەتیکردنە بە پێوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، دەڵێت: "وەزارەتی دەرەوە، میواندارییەکی ئێنیل بۆرا ئینان بایەزی تورکیای لە عێراق کرد لە بارەگای وەزارەت، ئەمڕۆ لە پاشخان و کاردانەوەی ئەو لێدوانە نەیارانەی کە هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییدا لەگەڵ کەناڵی (CNN)ی تورکی لە ٣ی شوباتی ٢٠٢٦ دابووی."

بەپێی بەیاننامەکە، محەمەد حسێن بەحرولعلوم بریکاری وەزارەت بە پێوەندییە دووقۆڵییەکان، نیگەرانیی عێراقی بۆرامبەر ئەو لێدوانانە دەربڕیوە کە لە میدیاکان باوبوونەتەوە و جەختی کردەتەوە کە "ئەم لێدوانانە سووکایەتیکردنە بە پێوەندییە دێرینەکانی نێوان عێراق و تورکیا، و بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و تێپەڕاندنی عورفە دیپلۆماسییەکان هەژمار دەکرێن."

هەروەها باسی لەوە کردووە: "عێراق دەوڵەتی دامەزراوەکانە و خاوەن سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی دەستووریە، و ناکرێت بڕاورد بکرێت بە دەوڵەتانی تر کە خاوەن سیستمی سیاسی جیاوازن."

سەبارەت بە کاروباری ناوخۆش، بریکاری وەزارەت دووپاتیکردەوە: "دەسێوەردان و تێوەگلانی ناوچەکانی

تری عەراق پرسکی نیشتمانیی پتتییە، و بەپێی ئەولەویەت و میکانیزمە نیشتمانییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت"، جەختیشیکردەوە: لە "ڕاگەیاندنەوەی هەر دەستوەردانێکی دەرەکی بە سەپاندنی چارەسەر یان بەکارهێنانی ئەم دەسپێیە بە کاریگەریی سیاسی و سەربازی."

لە لایەن خۆیەوە، باڵیۆزی تورکیا ڕایگەیاند: "لێدوانەکانی وەزیری دەرەوە بە شێوەیەکی وردی نیگەیەنراوە بەهۆی وەرگێڕانێکی هەڵەوە"، ئاماژەی بۆشکرد: "قسەکانی وەزیر پێیوەست بوون بە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) کە لە عەراقدا هەن، و پێیوەندی بە کاروباری ناوخۆی عەراق یان هاوڵاتیانی عەراقییەوە نییە."

دووپاتیشیکردەوە: "سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر عەراق جێگیرە، ڕێز لە سەروەریی‌ەکەی دەگرێت و دەست لە کاروباری ناوخۆی وەرنادات."

لە کۆتایی دیدارەکەدا، باڵیۆزی تورکیا جەختی لە پەرەشیی حکومەتەکەی کردەوە بە پتەویی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئاماژەی بۆشکرد: هەوەست و تێبینییەکانی عەراق دەگەیەنێتە سەرکردایەتی وڵاتەکەی، و گرنگیی پاراستنی پێیوەندییە دووقۆییەکانی دووپات کردەوە بە جۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوو گەلی دراوسێ بکات.